کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

## پێشمەرگەی دێرین زاهیر مەحمود:

# ئێمەو بنەماڵەکەمان خۆمان بەقوربانیی و خاوەنی ئەم دۆخەی ئێستای کوردستان دەزانین



چاوپێکەوتنی: لەشکر حەمەساڵح

لەسەروبەندی یادکردنەوەی چوارەم ساڵیادی رووخانی رژێمی بەعسدا، رەنگە دەرفەتێکی باش بێت ئاوڕێک بدەینەوە لەژیان و بەسەرهاتی یەکێک لەقوربانیانی ئەو رژێمە کەبریندار‌بووە بەچەکی فۆسفۆڕو کیمیایی قەدەغەکراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەو کەسەش ناوی زاهیر مەحمود-ەو تەمەنی (51) ساڵەو ئێستا لەولاتی هۆڵەندا دەژی، لەسەردانێکیدا بۆ کوردستان و دوای بەشداریکردنی لەڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتی ساڵانەی (بلە)دا، کوردستانی نوێ ئەم دیدارەی لەگەڵ سازدا .

زاهیر مەحمود لەبارەی بەسەرهاتی بریندار‌بوونی بەچەکی فۆسفۆڕو پرۆسەی چارەسەرکردنی دەڵێت: ساڵی (1974) لەبەرەی زۆزک پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووم، تەمەنم تەنها (15) ساڵان بوو، بۆ یەکەمجار لەگەڵ نەبەزی مەحمود جگەر کەوتینە بەر بۆردومانی بۆمبی ناپاڵمی فۆسفۆڕی قەدەغەکراو لەڕۆژی (1974/10/24)دا.

ئەوەش یەکەمین رووداوبوو لەدوای جەنگی جیهانی کەچەکی فۆسفۆڕی و چەکی کیمیایی قەدەغەکراو بەکاربێت کەکاردانەوەی لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوە دروستکرد. لەسەر ئاستی ناوخۆ پێشمەرگەو هەڤاڵان دڵتەنگ بوون بەڕووداوەو لەزۆر رووەوە کاریگەریی دروستکرد، لەسەر ئاستی دەرەوەش هەرزوو ئەو رووداوە بڵاوبۆوەو کەناڵەکانی راگەیاندن بایەخێکی زۆریان بەچیرۆکی من دا .

هەروا زاهیر مەحمود وتی: بەهەر مەبەستێک بێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بایەخی بەو رووداوە داو منی گەیاندە یەکێک لەنەخۆشخانەکانی بەریتانیا بۆ تیمارو چارەسەرکردن و لەوێ ماوەی سێ مانگ لەژێر چاودێریی و سەرپەرشتی پزیشکی و تەندروستیدا بووم .

لەکاتی تیمارکردن و چارەسەرکردنی کاک زاهیرداو بەدروستی لەڕۆژی (1975/3/6)دا سەدام حسێنی دیکتاتۆری عیراق و شای ئێران رێککەوتنامەی جەزائیریان مۆرکرد کەبووە مایەی کۆتاییهاتنی شۆڕشی کورد، کاک زاهیر لەغەریبی و بێکەسیدا لەکوردستان و هەواڵ و دەنگوباسی کوردستان دادەبڕێ و هیچ ئامرازێکی پەیوەندیی چنگ ناکەوێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ شۆڕش و خزمان و کەسوکاردا تاکو سێ مانگ بەسەر بریندار‌بوونیدا تێدەپەڕێت و لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەریتانیاوە ئاگاداردەکرێتەوە

کەباری تەندروستی مەترسی لەسەر نەماوەو بەردەوام بەرەو باشتر دەڕوات و خۆشی داوادەکات بگەڕێنرێتەوە بۆ تاران تاکو پەیوەندیی بکاتەوە بەشۆڕش و هەڤاڵانەوە. ئەو دەڵێ: ئەوکاتە مەسەلەی پەناهەندەیی زۆر ئاسان نەبوو، بەڵام خۆشم نەمدەویست مافی پەنابەریی وەربگرم، چونکە من لەناو شۆڕش و کۆڕی تێکۆشاندا بریندارببووم و گەیشتوومەتە ئەوێ، نەمدەویست هەموو شتێک بخەمەلاوەو هەوڵی بەدەستهێنانی مافی پەناهەندەیی بدەم. ئەوەبوو کەزاهیر داوادەکات لەتارانەوە هاتووەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ. ئەوەبوو لەلایەن بەریتانیاو وڵاتانی ترەوە هاوکارییکرام و لەلایەن خاچی سوورەوە گەیشتمەوە تاران .
لەتاران زاهیر چاوەڕێی دەکرد پێشوازیی لێبکرێ و هاوکاریی بکرێت، بەڵام بەهۆی بارودۆخی شۆڕشەوە هیچی بەدینەکردو تاکو پاش ماوەیەک هەندێک دۆست پەیوەندیی پێوەدەکەن و دۆخی شۆڕش و کوردستانی بۆشیدەکەنەوە کەدوو رێگا هەیە، یان ئەوەتا لەئێران بمێننەوە یان دەبێت بگەڕێینەوە عیراق، منیش چاوەڕوانی کاک مستەفای برام دەکرد، مستەفا چاوڕەش، کەکاکم گەیشت باسی بارودۆخەکەمان کردو بڕیارمدا بگەڕێمەوە عیراق، چونکە لەئێران جێگاوڕێگای پێویست نەبوو، منیش زۆر نەخۆش بووم، کاک زاهیر کەدەگەڕێتەوە عیراق ناتوانێ لەوێ درێژە بەمانەوەی بدات، چونکە بۆ بەسەرهاتی ئەو قورس و نەگونجاوە پەیوەندیی بەپزیشک و نەخۆشخانەوە بکات و هەروەک قورسیشە ئەو برینداریبە بشارێتەوە .
ئێستاش دوای (33) ساڵ کاک زاهیر مەحمود دەگەڕێتەوە کوردستان و دەیەوێ بەرهەمی خوێنی شەهیدان و قوربانی خۆی و خێزان و بنەماڵەکەی بەچاوی خۆی ببینێ، چونکە خۆی بەخاوەنی دۆخی ئەمڕۆی کوردستان دەبینێ .کاک زاهیر، جگە لەخۆی چەند جارێکی دیکە کەسوکارو بنەماڵەکەی دووچاری راوەدوونان و دەردەسەری هاتوون و هەروا لەپلانێکی گڵاوی بەعسدا لەساڵی (1984) دایکی شەهید بووە بەژەهری سالیۆم .
لەبارەی بەسەرهاتی خێزان و بنەماڵەکەیەوە کاک زاهیر وتی: ئێمەو خێزانی ئێمە قوربانی سێ جۆر چەکی قەدەغەکراوین لەدنیادا، ئەو چەکانە بەسەر زۆرینەی ئەندامانی خێزان و بنەماڵەی ئێمەدا بەکارهات کەئەوانیش پێکدێن لەچەکی فۆسفۆڕو چەکی کیمیایی و ژەهری سالیۆم .
جگە لەو کارەساتەی بەسەر کاک زاهیر هاتووە کارەساتێکی تر بەسەر بنەماڵەکەیدا هاتووە. لەوبارەیەوە کاک زاهیر دەڵێت: ساڵی 1984 پوورم کۆچی دواییکرد، بەپیلانێکی پیاوانی بەعس گۆڕەکەی پوورم مینڕێژکرا بۆ تەقاندنەوەی گۆڕەکە ئەگەر هاتوو کاک مستەفا چاوڕەشی برام هاتە سەر گۆڕەکە یان گشت ئەندامانی بنەماڵەکە لەسەر گۆڕی پوورم کۆدەبنەوە بەیەکجار مینەکە دەتەقێتەوەو کۆتایی بەژیانی هەموو ئەوانە دێت لەو کاتەدا ئامادەبوون. لەوکاتەی ئەندامانی خێزانەکەمان سەردانی گۆڕی پوورمیان کرد کاک مستەفا ئامادەنەبوو، بەڵام مینەکە تەقییەوەو دەستبەجێ یەکێک لەکچەکانی پووری کۆچکردووم هەردووقاچی بەقورسی بریندارببوو پاشان بڕدرایەوە .
کاک زاهیر لەوکاتەدا لەدەرەوەی وڵات دەبێت، کەئەو رووداوە ناخۆشەی پێدەگات دەستبەجێ کەناڵەکانی راگەیاندنی لێ ئاگاداردەکاتەوە وەکو دووەم قوربانی ئەو خێزانەو ئەوە دەردەخات کەچۆن رژێمی بەعس دەست

لەو بنەماڵەیە هەڵناگرێ و هەمیشە هەوڵی لەناوبردنیان دەدات .
کارەساتێکی تری ئەو بنەماڵەیە شەهیدکردنی خەدیجەخانی دایکی کاک زاهیر بوو لەوبارەیەوە کاک زاهیر دەڵێت: پیاوانی بەعس بەهەلیانزانی کەمستەفا چاوڕەش لەگوندی سەرگەڵو میوانی هەیە، میوانەکانیش بریتیبوون لە د.مەحمود عوسمان و عەدنان موفتی و سامی شۆڕش و شەهید بێستونی مەلاعومەرو چەند کەسێکی تر، بۆیە بەعس پیاوانی خۆی دەنێرێتە شوێنەکەو دەتوانن ژەهری سالیۆم بکەنە ناو ئەو خواردنەوە کە بۆ میوانداریيەکە ئامادەکرابوو. بەوهۆیەوە خەدیجە خانی دایکم شەهید

دەبێت، بێستونی مەلا عومەر شەهید دەبێت، ژنێکی دیکەش شەهیدبوو، ئەوانی تریش بریندارابوون و ژەهراویبوون و باری تەندروستییان خراپ بوو. جارێکی دیکە کاک زاهیر بەسەرهاتی ئەو رووداوە لەدەرەوەی وڵات ئاشکرا دەکات و ئەمجارەش کەناڵەکانی راگەیاندن بایەخێکی زۆردەدەن بەو رووداوەو گشت لایەنەکانی دەخەنەڕوو .

لەکۆتایی دیدارەکەدا بەباشمانزانی کاک زاهیر مەحمود بیروبۆچوونەکانی خۆی لەسەر دۆخی ئێستای کوردستان بخاتەڕوو لەوبارەیەوە وتی: ئێمەو بنەماڵەی ئێمە خۆمان بەقوربانی و خاوەنی ئەم دۆخەی ئەمڕۆی کوردستان دەزانین، بەڵام کەئەو قوربانییەمان داوەو ئێستا بەسەردان هاتووینەتەوە بۆ کوردستان ئەوەتا من لەئوتێلێک دانیشتووم و شەهید خەدیجەخانی دایکم گۆڕەکەی لەسەرگەڵوە هیچ حسابێکی بۆ نەکراوەو جێگەی دیارنییە کەئەوەشم زۆر پێناخۆشە، لێرەشدا دەمەوێ ئاماژەبدەم بەقوربانییەکی تری بنەماڵەکەم کەئەویش تریفەی خوشکەزامەو لەڕووداوی ژەهرخواردنەکەدا برینداربوو بۆ چارەسەرکردن گەیەندرایە هۆڵەنداو لەوێ بەپێی هەڵوێست و نەریتی کوردەواریی درایە خێزانێکی کورد لەساڵی (1991)دا، بەڵام تاکو ئێستا هیچ دەنگوباسێکی تریفە نییەو چارەنووسی نازانرێ، کەدەبوو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوون بۆ چارەنووسی تریفە بکەن، چونکە ئەو منداڵە یەکێک بوو لەقوربانیانی کوردو دەبوو گرنگی بەژیان و چارەنووسی بدرێت. ئێستاش پاش تەمەنێکی درێژ دەگەڕێمەوە وڵاتەکەم حەزمدەکرد حکومەتەکەمان و ی.ن.ک و پ.د.ک ئاوڕیان لەئێمە بدایەتەوەو قوربانی و تێکۆشانی ئێمەیان زیاتر لەبەرچاوبوایەو. هەرچۆنێک بێت گۆڕانێک بکرێت ئەم دۆخەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە بدرێتە دەست ئەو خەڵکانەی ئەمڕۆیان دروستکرد، نەک بدرێتە خەڵکانێک کەئاگایان لەڕووداو سروشت و واقیعی ئێرە نییە. دەبێت کەسانێک دۆخەکە هەڵسوڕێنن کەخەبات و تێکۆشانیان کردووەو ئاگایان لەهەموو رووداوەکان بووە، یان هەر نا دەبێت ئەو کەسانە ببنە گەورەی مەسەلەکەو خەڵکانی تر لەئاستی خوارەوە کاروبارەکان بەڕێوەبەرن و دووپاتی دەکەمەوە کەمن هاتوومەتەوە هیچم ناوێ.